**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٣٧**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/٩/٢٣**

پشت بە حوكمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی– عیراق و، ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە(٤٧)ی رۆژی (٢٠٠٤/٩/٢٢)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش كە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسـای ژمـارە( ٣٧ )ی سـاڵی/٢٠٠٤
## یاسـای دووەم هـەمـواركـردنی یاسـای ژمـارە( ١٤ )ی
## هـەمـواركـراوی سـاڵی ( ١٩٩٢ )ی دەسـەڵاتـی دادوەری

**مـاددەی یـەكـەم:**

برگەی یەكەمی ماددەی چل وچواری یاسای ژمارە(١٤)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواردەكرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

١–دادوەر تا(٧٠)حەفتا ساڵ لە تەمەنی تەواو نەكا خانەنشین ناكرێ.

دەشێتیش كاتی تەواوكردنی شەست و سێ ساڵ لە تەمەنی، لەسەر داوای خۆی خانەنشین بكرێ. لە هەردوو حاڵەتەكەشدا، خانەنشین كراوەكە ئەو مووچەو دەرماڵەیەی دەكەوێ كە بەر لەخانەنشین بوونەكەی وەریدەگرت.

**مـاددەی دووەم:**

١–حوكمەكانی ئەم یاسایە هەموو ئەو دادوەرانە دەگرێتەوە كە لە هەرێمی كوردستاندا لە كاردانە.

٢–ئەو دادوەرانەی بەر لە بەركارخستنی ئەم یاسایە خانەنشین كراون و تەمەنی خانەنشینیی ئیجبارییان تەواو نەكردووە، دەشێ بخرێنەوە سەرئیش.

**مـاددەی سـێیـەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەركار.

**مـاددەی چـوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان) دا دەخرێتە بەركار.

**د.كـمال عبدالكـریـم فـؤاد**
**سـەرۆكـی ئـەنجـومـەنی نیـشـتمانیـی**
**كـوردسـتانی ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com